# ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە هەواڵێک کە لە سایتی PUK میدیا سەبارەت بە پیکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان بڵاو بۆتەوە

سایتی PUK میدیا ڕۆژی 12-6 لە سەردێڕی هەواڵێکدا نووسیویەتی کە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق دوو لەت بووەو گوایە حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی لێ جیا دەبێتەوە.
ئیمە بە هەموو لایەکی ڕادەگەیەنین کە پرۆسەی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لە لایەن کۆمەڵیک لە کادرەکانی ڕابەری ئێستای حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بە ئاگاداریو ڕەزامەندی حزب دەست پێشکەری بۆ کراوەو لە دوورو لە نزیک پەیوەندی بە جیابوونەوەو دوولەت بوونەوە نییە.
پیکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان لە کۆنگرەی دووهەمی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق کە لە کانوونی یەکەمی 2001 بەستراوە بڕیاری لەسەر دراوەو، کۆنگرە بەکردەوەکردنی ئەو بڕیارەی بە کۆمیتەی مەرکەزی حزب سپارد تاکو هەر کاتیک بە گونجاوی زانی جێبەجێی بکات. پیلینۆمی 19 کۆمیتەی مەرکەزی حزب کە لە کانوونی دووهەمی 2007 بەسترا بڕیاری دەستبەجێ دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستانی داو مەکتەبی سیاسی ڕاسپارد کە سەرپەرشتی ئەنجامدانی ئەم بڕیارە بکات.
لە 17-4-2007 مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق بڕیارنامەیەکی دەرکرد کە تیایدا کۆمەڵێک هاوڕێی لە ڕابەری حزب ڕاسپار کە کار بۆ دامەزراندنی حزب بکەن.
بەم جۆرە دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری بە هیچ جۆریک بە مانای جیابونەوەو دوولەت بوون نییە بەو مانایەی کە هەواڵەکەی PUK میدیا دەیەوێت بیگەیەنێت بە خوێنەرانی. حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان حزبێک دەبێت لە چوارچیوەی کوردستانو دەیەوێت لە ڕێگای وەڵامدانەوە بە کێشە سیاسیە چارەنووسسازەکانی کۆمەڵگای کوردستانەوە خەبات بۆ وەدیهێنانی بەرنامەی دنیا باشترو ڕابەری کردنو ڕیکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارو دامەزراندنی سۆشیالیزم لە کوردستاندا بکات.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان وەکو حزبێکی جیاوازو سەربەخۆ پیک دێتو هاوخەباتی زۆر نزیکی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق دەبیت، کە ئەویش وەک خۆی دەمێنیتەوە.

شەماڵ علی
لە لایەن هاوڕییانی بەشدار لە پرۆسەی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان
2007-06-14